
# راپۆرتی ١١٥ی لیستی سەرەکی عێراق

## ئازار - نیسانی ٢٠٢٠

## خاڵە بنچینەییەکان




وێنەی ١. ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان بە تێپەڕبوونی کات

کۆکردنـەوەی زانیـاری بـۆ خولـی ١١٥ لـە مـاوەی مانگەکانـی ئـازار و نیسـانی ساڵی ٢٠٢٠ ئەنجـام درا. تاکـو ٣٠ی نیسـانی ساڵی ٢٠٢٠، تۆمـاری بەدواداچوونـی ئـاوارەکان ٤,٧٠٥,١٨٢ گـەڕاوە (٧٨٤,١٩٧ خێـزان)ی لـە میانـەی ٨ پارێـزگا و ٣٨ قـەزا و ٢,٠٢٧ شـوێن دا دەستنیشـان کـردووە. ٤٤,٧٧٨ گـەڕاوەی تـر لـە مـاوەی کۆکردنـەوەی زانیـاری بـۆ راپۆرتـی ١١٥ کـە کەمـترە لـە ژمـارەی گـەڕاوەی نـوێ لـە خولـی پێشـوو (٦٣,٩٥٤ گـەڕاوەی نـوێ لـە راپۆرتـی ١١٤). زۆرتریـن گـەڕاوەکان لـە پارێزگاکانـی ئەنبـار (٢٢,١٧٠) و نەینـەوا (١٣,٨٩٠) و سـەلاحەددین (٧,٩٧٤) تۆمارکراون.ئـەم ڕێـژەی کەمـی گەڕانەوەیـە جێـی سەرسـوڕمان نیـە، بـە لـە بەرچاوگرتنـی سـەپاندنی قەدەغـەی هاتووچـۆ لـە لایـەن بەرپرسـانی عێراقـەوە کـە لـە مانگـی ئـازاری سـاڵی ٢٠٢٠ەوە دەسـتی پێکـرد بـۆ پێشـگیری کـردن لـە بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا. زۆرینـەی ئـەو گەڕانـەوە نوێیانـەی تۆمارکـراون، یـان ئـەو خێزانانـە بـوون کـە لـە مانگەکانـی ڕابـردوودا گەڕابوونـەوە بـەڵام هـەر لـەم خولـەدا دیاریکـران، یـان ئەوانـەن کـە لـە پێـش جێبەجێکردنـی قەدەغـەی هاتوچـۆ لـە سەرتاسـەری وڵاتـدا لـە سـەرەتای مانگـی ئـازاردا گەڕانەتـەوە. هەروەهـا لـە هەمـان مـاوەدا، تۆمـاری بەدواداچوونـی ئـاوارەکان ١,٣٨٩,٥٤٠ ئـاوارەی ناوخۆیـی (٢٣١,٥٩٠ خێـزان) دیـاری کـردووە کـە بـە سـەر ١٨ پارێـزگا و ١٠٤ قـەزا و ٢,٩٨٦ شـوێن لـە عێـراق دا (-١٨ شـوێن لـە خولـی پێشـووەوە) دابـەش بـوون. سـەرەڕای کەمبوونـەوەی تێکـڕای ژمـارەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان (-٩,٦٣٠لـە خولـی پێشـووەوە( لـە مانگـی ئـازار و نیسـاندا ٢,٦٩٤ کـەس ئـاوارە بـوون، کـە بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە حاڵەتەکانـی دووەم ئاوارەبـوون دا ڕوویـداون.

لـە ڕووی ناوچـەی ڕەسـەنەوە، ٦٠٪ی قەبـارەی هەنووکەیـی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە پارێـزگای نەینـەواوە هاتـوون کـە بەشـی هەرەزۆریـان لـە قـەزای موسـڵ (٢٧٧,٥٠٦ کـەس) و شـنگال (٢٦٦,٠٨٨) و بەعـاج (١١١,٧٩٨) هاتـوون. دووەم و سـێیەم بەرزتریـن ڕێـژەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە پارێزگاکانـی سـەلاحەددین و ئەنبـارەوە هاتـوون کـە هـەر کامیـان ١١٪یـان بـەر دەکەوێـت.

بەرپرسـانی حکومەتـی عێـراق بەدەوامـن لـە گرتنەبـەری ڕێوشـوێنی قەدەغـە و سـنووردارکردنی هاتووچـۆ بـۆ پێشـگیری کـردن لـە بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا (COVID-١٩).

لـە مـاوەی هەمـان کات دا تۆمـاری بەدواداچوونـی ئـاوارەکان ١,٣٨١,٣٣٢ ئـاوارەی ناوخۆیـی (٢٣٠,٢٢٢خێـزان) کـە بـە نـاو ١٨ پارێـزگا و ١٠٤ قـەزا و ٢,٩٧٧ شـوێن لـە عێـراق دابەشـوبوونە (-٩ شـوێن لـە خولـی پێشـوویەوە) دەستنیشـانکردووە.

### تێڕوانینی گشتی ئاوارەبوون

**تاکو ٣٠ی نیسانی ٢٠٢٠**

| | |
|---|---|
| ١,٣٨٩,٥٤٠ کەس ئاوارە ناوخۆیی | ٢٣١,٥٩٠ خێزان ئاوارەی ناوخۆیی |

**پارێزگا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون**

| نەینەوا | دهۆک | هەولێر |
|---|---|---|
| ٣٢٨,٢١٢ ئاوارەی ناوخۆیی | ٣١٩,١٥٨ ئاوارەی ناوخۆیی | ٢٣٧,٤٨٠ ئاوارەی ناوخۆیی |

**دابەشبوونی جوگرافی**

| | | |
|---|---|---|
| ١٨ پارێزگا | ١٠٤ قەزا | ٢,٩٨٦ شوێن |

### تێڕوانینی گشتی گەڕانەوە

**تاکو ٣٠ی نیسانی ٢٠٢٠**

| | |
|---|---|
| ٤,٧٠٥,١٨٢ کەسی گەڕاوە | ٧٨٤,١٩٧ خێزانی گەڕاوە |

**پارێزگا سەرەکیەکانی گەڕانەوە**

| نەینەوا | ئەنبار | سەلاحەددین |
|---|---|---|
| ١,٧٩٩,٦٢٨ گەڕاوە | ١,٥٠١,٨٩٠ گەڕاوە | ٦٨٨,٩٢٠ گەڕاوە |

**دابەشبوونی جوگرافی**

| | | |
|---|---|---|
| ٨ پارێزگا | ٣٨ قەزا | ٢,٠٢٧ شوێن |


# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە ئاوارەبوون

ئەم هێلکاریانەی خوارەوە (١) ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە سەرجەم پارێزگاکانی ئاوارەبوون، (٢) ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ هەر یەک لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون (٣) ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ هەر کام لە پارێزگای ڕەسەن و پارێزگای ئاوارەبوون نیشان دەدەن.

## نەینەوا

٣٢٨,٢١٢ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن





ئەوانی تر: هەولێر، سەلاحەددین، کەرکووک و ئەنبار

## دهۆک

٣١٩,١٥٨ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: سەلاحەددین، ئەنبار، کەرکووک، بەغداد


## هەولێر

٢٣٧,٤٨٠ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن





ئەوانی تر: بەغداد، هەولێر، کەرکووک و دیالی

## سلێمانی

١٣٩,٤٥٨ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: نەینەوا، بابل، کەرکووک

## کەرکووک

٩٩,٧٨٦ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن





ئەوانی تر: دیالە، ئەنبار، بەغداد، بابل

## سەلاحەددین

٧٠,٧٧٦ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن





ئەوانی تر: دیالە، نەینەوا، ئەنبار

## دیالە

٥٣,٨٧٤ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن





ئەوانی تر: ئەنبار، بابل، بەغداد، نەینەوا، کەرکووک

## ئەنبار

٣٦,٣٤٢ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: سەلاحەددین، بەغداد، نەینەوا، کەرکووک

# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە ئاوارەبوون

## بەغداد
٣٦,١٦٢ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون

- کەرخ ١٠,٥٦٦
- ئەبوغرێب ٦,٩٩١
- مەحمودیە ٤,٩٦٢

◄ پارێزگای ڕەسەن

٪٥٢ ئەنبار | ٪٢٣ نەینەوا | ٪١٣ بابل | ٪١٢ ئەوانی تر

ئەوانی تر: سەلاحەددین، دیالە، بەغداد، کەرکووک

## بابل
١٧,٠٠٤ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون

- موسیەیب ١٤,٨٢٦
- حیللە ١,٥١٢
- مەحاویل ٣٧٢

◄ پارێزگای ڕەسەن

٪٨٧ بابل | ٪٩ نەینەوا | ٪٤ ئەوانی تر

ئەوانی تر: ئەنبار، بەغداد، دیالە، سەلاحەددین، کەرکووک

## کەربەلا
١٥,٥٦٤ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون

- کەربەلا ١٣,٤٩٤
- هیندانیە ١,٨٧٢
- عەین تەمور ١٩٨

◄ پارێزگای ڕەسەن

٪٨١ نەینەوا | ٪٨ بابل | ٪٦ ئەوانی تر

ئەوانی تر: ئەنبار، کەرکووک، دیالە، سەلاحەددین، بەغداد

## نەجەف
١٢,٥٤٦ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون

- نەجەف ٩,٩٧٢
- کۆفە ٢,١٧٨
- مەناسیرە ٣٩٦

◄ پارێزگای ڕەسەن

٪٩٩ نەینەوا | ٪١ ئەوانی تر

ئەوانی تر: دیالە، سەلاحەددین، ئەنبار، کەرکووک

## واست
٦,٠٨٤ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون

- کووت ٤,٠٧٤
- عەزیزیە ٥٨٢
- نەعمانیە ٤٣٢

◄ پارێزگای ڕەسەن

٪٧٦ نەینەوا | ٪١٠ کەرکووک | ٪١٤ ئەوانی تر

ئەوانی تر: دیالە، سەلاحەددین، ئەنبار

## بەسرە
٦,٥٦٤ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون

- بەسرا ٢,٩٢٨
- زوبەیر ١,٣٨٦
- خەسیب ١,٢٢٤

◄ پارێزگای ڕەسەن

٪٣٣ سەلاحەددین | ٪٣٠ نەینەوا | ٪١٩ ئەنبار | ٪١٠ کەرکووک | ٪٨ ئەوانی تر

ئەوانی تر: دیالە، بەغداد، بابل

## قادسیە
٣,٨٨٨ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون

- دیوانیە ٢,٤٧٨
- ئافاق ٨٣٤
- شامیە ٤٠٢

◄ پارێزگای ڕەسەن

٪٦٥ نەینەوا | ٪٣١ کەرکووک | ٪٤ ئەوانی تر

ئەوانی تر: بەغداد، سەلاحەددین

## زیقار
٣,٣٩٦ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون

- ناسریە ١,٩٢٠
- ڕیفاعی ٧٥٦
- سوق شیوخ ٥٤٦

◄ پارێزگای ڕەسەن

٪٦٠ نەینەوا | ٪١٧ ئەنبار | ٪١٤ کەرکووک | ٪٩ ئەوانی تر


ئەوانی تر: بەغداد، سەلاحەددین، دیالە، کەرکووک، بابل

# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە ئاوارەبوون

## میسان

۲,۲۳۲ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن





ئەوانی تر: بەغداد، ئەنبار، دیالە، بابل

## موسەننا

١,٠١٤ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: سەلاحەددین، کەرکووک، دیالە

## دوایین زانیاری سەبارەت بە ڕەوشی ئاوارە ناوخۆییەکان

**ئامـارە گشـتیەکانی ئـاوارە ناوخۆییـەکان:** ئامـارە گشـتیەکانی ئـاوارە ناوخۆییـەکان: لـە مـاوەی مانگەکانـی ئـازار و نیسـان دا، تۆمـاری بەدواداچوونـی ئـاوارەکان ١,٣٨٩,٥٤٠ ئـاوارەی ناوخۆیـی (٢٣١,٥٩٠ خێـزان)، کـە لـە نـاو ١٨ پارێـزگا، ١٠٤ قـەزا و ٢,٩٨٦ شـوێن لـە عێـراق دا بڵاوبوونەتـەوە دەستنیشـانکرد. تۆمـاری بەدواداچوونـی ئـاوارەکان کەمبوونەوەیەکـی بـە ٩,٦٣٠ ئـاوارەی ناوخۆیـی لـە وەتـەی خولـی پێشـووەوە تۆمارکـرد، کـە زۆرترینـی کەمبوونـەوەکان لـە سـەلاحەددین ڕوویـداوە (-٣,٧٠٨، کـە دەکاتـە -٥٪ی گۆڕانـکاری لـە قەبـارەی ئـاوارەی ناوخۆییـەکان لـە پارێزگاکـەدا) ئینجـا نەینـەوا ((-٢,٩٥٨ -١٪ و بەغـداد دێـن (-١,٩١٤، -٥٪).

**جوڵـەی نوێـی ئـاوارە ناوخۆییـەکان:** سـەرەڕای تێکـڕای کەمبوونـەوەی ژمـارەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان، ٢,٦٩٤ کـەس گەیشـتوونە نـاو شـوێنە هەڵسـەنگێراوەکان لـە مـاوەی ئـازار و نیسـانی سـاڵی ٢٠٢٠ دا. زۆرینـەی تـازە گەیشـتووەکان (٢,٠٦٤ کـەس، ٧٧٪)، لـە شـوێنەکانی تـری ئاوارەبـوون دا هاتوون. هەروەهـا ١٩٢ کەسـی تـر دووبـارە ئاوارەبوونەتـەوە، دوای گەڕانـەوەی سـەرەتایان بـۆ شـوێنی ڕەسـەنیان بـە هـۆی کەمـی خزمەگـوزاری بارودۆخـی ئەمنـی و نەبوونـی دەرفەتەکانـی کارکـردن و نەبوونـی سـەرچاوەی دارایـی بـۆ مانـەوە لـە شـوێنی گەڕانەوەیـان دا. زۆرینـەی ئـەم ئـاوارە ناوخۆییانـە لـە قەزاکانـی حەتـرا بـە ٧٢ کـەس و موسڵ ٦٠ کـەس لـە پارێـزگای نەینـەوا. دواجـار، ٤٣٨ کـەس لـە ناوچـەی ڕەسـەنیان بـۆ یەکـەم جـار ئاوارەبـوون کـە زۆربەیـان بـۆ پارێـزگای هەولێـر پەنایـان بـردووە (٣٦٦ کـەس). زۆربەیـان لـە پارێزگاکانـی بەغـدا و نەینـەوا بـە هـۆی بەردەوامـی خۆپیشـاندانەکان و خـراپ بوونـی ڕەوشـی ئەمنـی و نەبوونـی خزمەتگـوزاری و کەمـی دەرفەتەکانـی کارکردنـەوە هەڵهاتـوون.


**ناوچـە ڕەسـەنەکانی ئـاوارە ناوخۆییـەکان:** ٪٦٠ی قەبـارەی هەنووکەیـی ئـاوارە ناوخۆییـەکان خەڵکـی پارێـزگای نەینـەوان، کـە زۆرینەیـان خەڵکـی موسـڵن (٢٧٧,٥٠٦ کـەس)، شـنگال (٢٦٦,٠٨٨ کـەس) و بەعـاج (١١١,٧٩٨ کـەس). دووەم و سێیەم گەورەتریـن ڕێـژەی ئـاوارەکان خەڵکـی پارێزگای سـەلاحەددین بـە ڕێـژەی ١١٪ و ئەنبـارن و بـە ڕێـژەی ١٠٪. قـەزا ڕەسـەنە هـەر لـە پێشـەکان بریتیـن لـە توزخۆرماتـوو (٤٠,٥٣٠ کـەس)، بەلـەد (٢٩,٥٣٢ کـەس) و بێجـی (٢٨,٤٢٢ کـەس) لـە سـەلاحەددین و ڕەمـادی (٦٦,٠٣٠ کـەس) و فەللوجـە (٤٨,٧٦٢ کـەس) و قائیـم (١٢,٢٥٨ کـەس) لـە ئەنبـار.

**جۆرەکانـی پەناگـە:** ٦٨٪ی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی تایبـەت دا دەژیـن (٩٤٢,٦٨٤ کـەس)، ٢٤٪ی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە کەمپـەکان دان (٣٣٣,١٩٢ کـەس) و لـە ٨٪یـش (١١٢,٩٠٢ کـەس) لـە پەناگـە نەگونجـاوەکان دا دەژیـن. کەمبوونەوەیـەک لـە ژمـارەی ئـەو ئـاوارە ناوخۆییانـەی کـە لـە کەمپـەکان دا دەژیـن بـە ٢,٦٣٤ کـەس تۆمارکـراوە کـە بـە زۆری لـە نەجـەف (-١,١١٠)، سلێمانی ((-٩٣٠ و نەینـەوا (-٤٢٠)تۆمارکـراون. بەشێکی کەمبوونەوەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ دووبـارە پۆلێنکردنـەوەی ٣ کەمپـی فەرمـی کـە ئێسـتا بـە نشـینگەی نافەرمـی دادەنرێـن. لـە سـەر ئاسـتی قـەزاش، سێ لـەو قەزایانەی زۆرتریـن کەمبوونـەوە لـە ژمـارەی ئـەو ئـاوارە ناوخۆییانـەی کـە لـە کەمپـەکان دا دەژیـن تیایانـدا تۆمارکـراوە بریتیـن لـە نەجـەف (-١,١١٠)، ئینجـا سـلێمانی (-٨٥٢) (-٥١٦) و حەمدانیـە (-٦٤٨)تێکـڕای ١١٣,٩٢٨ کـەس کـە لـە پەناگـە نەگونجاوەکان دا دەژیـن تۆمارکـراون.

زیادبوونێکـی بچـووک لـە ژمـارەی ئـەو ئـاوارە ناوخۆییانـەی کـە لـە پەناگـە نەگونجـاوەکان دا دەژیـن بـە ٢٤ کـەس لـە خولـی پێشـوویەوە تۆمارکـراوە. لـە سـەر ئاسـتی عێراقیـش تـا ئێسـتاش لـە ٨٪ی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە پەناگـە نەگونجـاوەکان دا دەژیـن، بـەڵام جیاوازیەکـی بەرچـاو لـە نـاو پارێـزگاکان دا بوونـی هەیـە: ئەنبـار (٤٤٪)، سـەلاحەددین (٢٩٪)، قادسـیە (١٩٪)، میسـان (١١٪)، دهـۆک (١١٪)، بەغـداد (١١٪) و نەجـەف (١١٪).ئـەو ئـاواراە ناوخۆییانـەی کـە لـە پەناگـەی نەگونجـاو دا دەژیـن، لـە ٦٨٪ی دەکرێـت لـە سێ پارێزگاکانـی دهـۆک (٣٥,٠١٠ کـەس، ٣١٪)، نەینـەوا (٢٠,٩١٦، ١٩٪) و سـەلاحەددین (٢٠,٨٠٨، ١٨٪) بدۆزرێنـەوە. سێ لـەو قـەزا هـەرە لـە پێشـانەی کـە تییانـدا ئـاوارە ناوخۆییەکان لـە پەناگـەی نەگونجـاو دا دەژیـن بریتیـن لـە سـومێل (٢٧,٧٨٠ کـەس، ٢٥٪ )، فەللوجـە (١٢,٨١٦، ١١٪ ) و سـامەڕا (٩,٧٩٨، ٩٪). هەروەهـا ٧٨ شـوێنی تریـش هـەن کـە ئـاوارە ناوخۆییـەکان تییـان دا لـە پەناگـەی نەگونجـاو دا دەژیـن کـە زۆربەیـان لـە قـەزای فەللوجـە و بـەسرەن.

**هـۆکاری جوڵـەکان:** تێکـڕای هۆکارەکانـی کەمبوونـەوەی ژمـارەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە نـاو هەمـوو خولـەکان دا وەک یـەک ماوەتـەوە کـە بەرەوپێشـچوون لـە ڕەوشـی ئاسـایش و ئەمنـی، دابینکردنـی خزمەتگوزاریـەکان و نۆژەنکردنـەوەی خانـووەکان لـە ناوچـە ڕەسـەنەکان دا لـە خـۆ دەگرێـت. هەروەهـا هەندێـک خێـزان لـە قەزاکانـی خالـس وبەعقوبـە لـە پارێـزگای دیالـە توانیویانـە پاکانـەی ئەمنـی پێویسـت بەدەسـتبهێنن بـۆ گەڕانـەوە بـۆ ناوچـە ڕەسـەنەکانیان. هاتووچـۆ لـە نێـوان پارێـزگاکان دا بـە هـۆی قەدەغـەی هاتووچـۆی سەرتاسـەری کـە لـە دەسـتپێکی مانگـی ئـازاردا بـە سـەر هەمـوو وڵات دا سـەپێرا بـە هـۆی هەوڵەکانـی پێشـگیری کـردن لـە تەشەنەسـەندن و بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا سـنووردار کـرا.

وێنەی ٢. جۆرەکانی پەناگەی ئاوارە ناوخۆییەکان



# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە گەڕانەوە

ئەم هێلکاریانەی خوارەوە (١) ژمارەی گەڕاوەکان لە سەرجەم پارێزگا ڕەسەنەکان دا، (٢) ژمارەی گەڕاوەکان لە هەر یەک لە قەزا سەرەکیە ڕەسەنەکان، (٣) ڕێژەی گەڕاوەکان بە گوێرەی پارێزگای دوایین ئاوارەبوون و بۆ هەر پارێزگایەکی ڕەسەن نیشان دەدات.

## نەینەوا

١,٧٩٩,٦٢٨ گەڕاوە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە

- موسڵ ١,٠٣٠,٨٣٦
- تەلعەفەر ٣٤٥,١٠٨
- حەمدانیە ١٦٥,٢٥٢

◄ پارێزگای دوایین ئاوارەبوون

- ٪٦٩ نەینەوا
- ٪٨ دهۆک
- ٪١٣ ئەوانی تر
- ٪١٠ هەولێر

ئەوانی تر پارێزگاکانی نەجەف، کەربەلا، بەغداد، بابل، کەرکووک، واست، سلێمانی، سەلاحەددین، بەسرە، میسان، قادسیە، زیقار، موسەننا، دیالە وئەنبار دەگرێتەوە

## ئەنبار

١,٥٠١,٨٩٠ گەڕاوە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە

- ڕەمادی ٥٨٦,٧٤١
- فەللوجە ٥٥٨,١٥٠
- هیت ١٧٥,٧٠٤

◄ پارێزگای دوایین ئاوارەبوون

- ٪٤٥ ئەنبار
- ٪٢٣ بەغداد
- ٪١٥ هەولێر
- ٪١٧ ئەوانی تر

ئەوانی تر پارێزگاکانی کەرکووک، سلێمانی، بابل، سەلاحەددین، دهۆک، کەربەلا، نەینەوا و دیالە دەگرێتەوە

## سەلاحەددین

٦٨٨,٩٢٠ گەڕاوە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە

- تکریت ١٧٥,٢٣٦
- شرگات ١٥٨,٣٥٢
- بێجی ١١٢,٣٤٤

◄ پارێزگای دوایین ئاوارەبوون

- ٪٤٧ سەلاحەددین
- ٪٢٥ کەرکووک
- ٪١٥ هەولێر
- ٪١٣ ئەوانی تر

ئەوانی تر پارێزگاکانی سلێمانی، بەغداد، دهۆک،بەسرە، کەربەلا، نەجەف، دیالە، میسان، بابل، زیقار و واست دەگرێتەوە

## کەرکووک

٣٤٠,٦٥٦ گەڕاوە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە

- حەویجە ١٦٢,٢٩٤
- کەرکووک ١٥٣,٧٥٦
- داقوق ١٧,٣٧٠

◄ پارێزگای دوایین ئاوارەبوون

- ٪٤٣ کەرکووک
- ٪٤١ سلێمانی
- ٪٩ سەلاحەددین
- ٪٧ ئەوانی تر

ئەوانی تر پارێزگاکانی هەولێر، نەینەوا، بەغداد و بابل دەگرێتەوە

## دیالە

٢٣٠,٢١٤ گەڕاوە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە

- خانەقین ٩٧,٨٩٦
- خالس ٧٤,٦٢٢
- موقدادیە ٥٦,٤٩٦

◄ پارێزگای دوایین ئاوارەبوون

- ٪٧٩ دیالە
- ٪٩ سلێمانی
- ٪١١ کەرکووک
- ٪١ ئەوانی تر

ئەوانی تر پارێزگاکانی بەغداد، هەولێر و کەربەلا دەگرێتەوە

## بەغداد

٩٠,٢٢٨ گەڕاوە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە

- مەحمودیە ٤٩,١١٦
- ئەبوغرێب ٢٣,١١٢
- تارمیە ١٠,٢٣٦

◄ پارێزگای دوایین ئاوارەبوون

- ٪٩٠ بەغداد
- ٪٤ بابل
- ٪١ ئەوانی تر
- ٪٥ هەولێر

ئەوانی تر پارێزگاکانی سلێمانی، کەربەلا و میسان دەگرێتەوە

## هەولێر

٥٢,٨٧٨ گەڕاوە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە

- مەخمور ٥٢,٨٧٨

◄ پارێزگای دوایین ئاوارەبوون

- ٪٧٣ هەولێر
- ٪١٥ نەینەوا
- ٪١١ کەرکووک
- ٪١ سەلاحەددین

## دهۆک

٧٦٨ گەڕاوە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی گەڕانەوە

- زاخۆ 768

◄ پارێزگای دوایین ئاوارەبوون

- ٪١٠٠ دهۆک

# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە گەڕانەوە

## دوایین زانیاری سەبارەت بە ڕەوشی گەڕاوەکان

**تێکڕای ئامارەکانی گەڕانەوە :** تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان تێکڕای ٤,٧٠٥,١٨٢ گەڕاوە (٧٨٤,١٩٧خێزان)، لە ناو ٨ پارێزگا، ٣٨ قەزا و ٢,٠٢٧ شوێن لە خولی ١١٥ دا دەستنیشانکرد.لەم ماوەیەی ئەم خولەدا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان ڕوماڵکردنی خۆی بەرفراوان کرد بە لە خۆ گرتنی ٧١ ناوچەی نوێ ، کە پێشتر هەڵنەسەنگێرابوون : ٦٧ شوێنی نوێ لە نەینەوا و ٤ لە سەلاحەددین. سەرەڕای زیادبوونی ژمارەی شوێنە هەڵسەنگێراوەکان، ژمارەی گەڕاوەی نوێ (٤٤,٧٧٨) لە ماوەی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ خولی ١١٥ تۆمارکراوە، کە کەمترە لە ژمارەی گەڕاوەی نوێ لە خولی پێشوو دا (٦٣,٩٥٤ گەڕاوەی نوێ لە لە ڕاپۆرتی ١١٤).ئەم کەمبوونەوەی دەشێت بەشێکی بە هۆی قەدەغەی هاتووچۆیەوە بێت کە لە دەستپێکی مانگی ئازارەوە لە پێناو پێشگیری کردن لە تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە لایەن حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەپێرا.

پارێزگاکانی نەینەوا و ئەنبار و سەلاحەددین ئەو پارێزگایانەن کە هەم بەرزترین ژمارەی گەڕاوە و هەمیش بەرزترین زیادبوون لە ژمارەی گەڕاوە لەوەتەی خولی پێشووەوە هەیە، کە تێکڕای ١,٧٩٩,٦٢٨ کەس لە خۆ دەگرن ( بە ١٣,٨٩٠ گەڕاوەی نوێشەوە لەوەتەی شوباتی ساڵی ٢٠٢٠وە) لە نەینەوا، ١,٥٠١,٨٩٠ (٢٢,١٧٠ گەڕاوەی نوێ) لە ئەنبار و ٦٨٨,٩٢٠ (٧,٩٧٤ گەڕاوەی نوێ) لە سەلاحەددین.


لە ماوەی مانگەکانی ئازار و نیسان دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان ٣٩٠ گەڕاوە کە لە کەمپەکانەوە گەڕاونەتەوە دەستنیشانکردووە. زۆربەیان گەڕاونەتەوە بۆ پارێزگای نەینەوا (٢٤٦ کەس)، کە سێ قەزا هەرە لە پێشەکانیش بریتین لە شنگال (١١٤ کەس)، بەعاج (١٠٨ کەس) و تەلەعفەر (٢٤ کەس).

**ئامارەکانی سەر ئاستی قەزاکان:** لە سەر ئاستی قەزاکان، قەزای موسڵ لە نەینەوا بەو قەزایە کە بەرزترین ژمارەی گەڕاوەکانی لە خۆ گرتووە دەمێنێتەوە: لە سەدا ٢٢ی سەرجەم گەڕاوەکان (١,٠٣٠,٨٣٦کەس). هەروەها موسڵ یەکێک لە گەورەترین لێشاوەکانی گەڕاوەکانیشی هەبووە لەم خولەدا (٣,٧٩٨ کەس). بە بەراورد بەرزترین ڕێژەی گەڕاوە لە بەعاج ڕوویداوە، کە ٢٧٪ی زیادبوونی بە خۆیەوە بینیووە لە وەتەی مانگی شوباتەوە (٧,٨٢٤ کەس)، ئینجا تلکێف (١,٠٦٢) و حەترا (٦٦٠) دێن بۆ هەر کام بە ڕێژەی ١٪. زیاد بوونی ژمارەی گەڕاوەکان لە هەردوو قەزای بەعاج و موسڵ دەکرێت بە هۆی بەرفراوانکردنی ڕووماڵی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان بێت بە لە خۆگرتنی ٥٢ شوێنی نوێ لە بەعاج و ١١ شوێنی نوێ لە موسڵ.

قەزای ڕەمادی لە ئەنبار، دووەم بەرزترین ژمارەی گەڕاوەکانی هەیە (٥٨٦,٧٤٦ کەس، ١٢٪ ی کۆی گەڕاوەکان) ئینجا قەزای فەللوجە دێت بە ٥٥٨,١٥٠ کەس، (١٢٪). ڕەمادی لەم خولەدا گەڕاوەی کەمتری بە خۆیەوە بینیووە بە زیادبوونی تەنها ٩٠ کەس، هاوکات فەللوجە یەکێک لە بەرزترین ژمارەی گەڕاوەی هەبووە (١٩,٣٦٢). زیادبوونی ژمارەکە لە فەللوجە دەکرێت بەشێکی ببەسترێتەوە بە بەرفراوانبوونی تۆڕی هەواڵداری سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان، کە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ دەستنیشانکردنی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە پێشتر تۆمار نەکرابوون. هەروەها یەکێک لە بەرزترین ڕێژەکانی زیادبوون لە ڕەعوە ڕوویدا: ڕێژەی لە سەدای چوار زیادی کردووە لە وەتەی شوباتەوە (٦٤٢). لە پارێزگای سەلاحەددین بەرزترین ڕێژەی گەڕاوەکان لە قەزای تکریت (٣,٩٠٠ کەس) ، ئینجا توزخۆرماتۆ (٩٢٤) و بێجی (٨٧٠) بووە.


**هۆکارەکانی گەڕانەوە:** تێکڕای هۆکارەکانی زیادبوونی ژمارەی گەڕاوەکان لە ناو هەموو خولەکان دا وەک یەک ماوەتەوە کە بەرەوپێشچوون لە ڕەوشی ئاسایش و ئەمنی، دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان لەوانە، قوتابخانەکان و دەرفەتەکانی کارکردن و نۆژەنکردنەوەی خانووەکان لە ناوچە ڕەسەنەکان دا لە خۆ دەگرێت. هەروەها لە قەزای تلکێف لە پارێزگای نەینەوا و قەزاکانی فارس و بێجی و سامەڕا لە پارێزگای سەلاحەددین، هەندێک لە خێزانەکان توانیان پاکانەی ئاسایش بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچە ڕەسەنەکانیان بەدەستبهێنن.

**جۆرەکانی پەناگە:** نزیکەی سەرجەم خێزانەکان (٤,٤٦٣,٥٥٦ کەس، ٩٥٪ گەڕاونەتەوە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاساییان کە لە دۆخێکی باش دان و لە ٢٪ی گەڕاوەکان (٧٦,١٨٢) لە شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەتی تر دا دەژین ( لە گەڵ خێزانە لە خۆ گرەکان، لە هۆتێل/ مۆتێل یاخود شوێنی نیشتەجێبوونی بەکرێگیراو دا). لە ٣٪ی گەڕاوەکان (١٦٥,٤٤٤) لە لاوازترین بار و دۆخەکان دا دەژین: پەناگەی نەگونجاو و شلۆق. هەروەها لە ماوەی مانگی ئازار و نیسان دا، ١٠,٦٢٠ گەڕاوەی تر کە لە ناو پەناگەی نەگونجاو و شلۆق دا دەژین تۆمارکران. هاوکات لە سەر ئاستی وڵاتیش لە ٣٪ی گەڕاوەکان لە پەناگەی نەگونجاو و شلۆق دا دەژین، جیاوازیەکی بەرچاو لە نێو پارێزگاکان دا هەیە. لە پارێزگای دیالە ١٠٪ و لە پارێزگای بەغداد ٧٪ی گەڕاوەکان لە پەناگەی نەگونجاو و شلوق دا دەژین. ئەو قەزایانەی کە بەرزترین ژمارەی ئەو گەڕاوانەی لە پەناگەی نەگونجاو و شلوق دا دەژین لە خۆ دەگرن بریتین لە: قەزای موسڵ (٣٢,٤٠٦)، فەللوجە (١٥,٥٥٢) و قائیم (١٢,٨٤٦). هەروەها هەشت شوێنی تر هەن کە تییاندا سەرجەم گەڕاوەکان لە پەناگەی نەگونجاو و شلۆق دا دەژین، کە تێکڕای ٣,٥٤٦ کەس لە خۆ دەگرن، بە دیاریکراوی ئەو گەڕاوانەی لە سێ شوێنی ئەنبار (١,٣٦٢ کەس)، دوو شوێن لە نەینەوا (١,١٨٢ کەس)، دوو شوێن لە کەرکووک (٢٢٢ کەس) و شوێنێک لە سەلاحەددین (٧٨٠ کەس) دەژین.




وێنەی ٣. جۆرەکانی پەناگەی گەڕاوەکان

نەخشەی ١. بوونی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان لە ناوچەکان دا



# شێواز

هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو زانیاری ورد سەبارەت بە خێزانەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان کۆ دەکاتەوە. زانیاریکە لە لایەن تیمەکانی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرای مەیدانی (RART) سەر بە ڕێکخراوی جیهانی کۆچ کۆ دەکرێتەوە، ئەم تیمانە زیاتر لە ١٠٠ ستافی مەیدانی پێک دێن، کە لە سەرتاسەری ناوچەکانی عێراق دا بڵاوبوونەتەوە- کۆکردنەوەی زانیاری بۆ خولی ١١٥ لە ماوەی مانگەکانی ئایار و حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٠ لە ناو ١٨ پارێزگای عێراق دا ڕوویداوە.
کۆکردنەوەی زانیاری لە لیستی سەرەکی/ماستەر لیستی ئاوارە ناوخۆییەکان و لیستی سەرەکی گەڕاوەکان لە ڕێگەی تۆڕێکی گەورەی باش ڕێکخراوی پێکهاتوو لە زیاتر ٩٥٠٠ هەواڵدەرەی سەرەکی، کە لە سەرکردەکانی کۆمەڵگا، موختارەکان، بەرپرسە خۆجییەکان وهێزەکانی ئاسایش پێک دێت ئەنجام دراوە. زانیاریەکانی تر لە تۆماری زانیاریی حکومەت و ڕێکخراوە هاوبەشەکان کۆکراوەنەتەوە.
تیمەکانی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرای مەیدانی سەر بە ڕێکخراوی جیهانی کۆچ (OM RARTs) بە بەردەوامی لیستی سەرەکی کۆ دەکاتەوە و دوو مانگ جارێک ڕاپۆرتەکەی بڵاو دەکاتەوە. جیاوازی لە ئاماری ئاوارەکان لە نێوان ماوە جیاوازەکانی ڕاپۆرت کردن دا تێبینی کراوە. هەرچەندە، دەستپێگەیشتنی سنووردار بە هۆی کێشە ئەمنیەکان و کوت و بەندەکانی تری کاری دەشێت کار بکاتەوە سەر چالاکیەکانی کۆ کردنەوەی زانیاری.جیاوازی لە ئامارەکانی ئاوارەکان ، لە نێوان ماوە جیاوازەکانی ڕاپۆرت کردن دا، سەرەڕای گۆڕانکاری راستەقینەی ئاماری دانیشتوان ڕەنگە بە هۆی هۆکارەکانی تری وەک بە بەردەوامی دەستنیشانکردنی گروپە ئاوارەکانی پێشوو و لە خۆگرتنی زانیاری سەبارەت بە دووەم ئاوارەبوون لە ناو عێراق دا کاری تێبکرێت.
ئاوارەکان لە ڕێگەی پرۆسەیەکی کۆکردنەوە، پشتڕاستکردنەوە، سێگۆشەسازی و دووپاتکردنەوەی زانیاریوە دەستنیشان دەکرێن. ڕێکخراوی جیهانی کۆچ بەردەوام دەبێت لە هاوکاری و هەماهەنگیەکی نزیک لە گەڵ بەرپرسانی فیدراڵی و هەرێمی و خۆجێی بۆ پارێزگاری کردن لە تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە و وردی ئاوارەبوون لە سەرتاسەری عێراق دا. بۆ ئاسانکاری شیکاریەکە، ئەم ڕاپۆرتە عێراق بۆ سەر سێ ناوچە دابەش دەکات: هەرێمی کوردستانی عێراق، پارێزگاکانی دهۆک و سلێمانی و هەولێر دەگرێتەوە، باشوور پارێزگاکانی، بەسرە، میسان، نەجەف، زیقار، قادسیە و موسەننا دەگرێتەوە، باکوری ناوەڕاست پارێزگاکانی ئەنبار، بابل، بەغداد، دیالە، کەربەلا، کەرکووک، نەینەوا، سەلاحەددین و واست دەگرێتەوە.

**شێوازەکە ئەم پێناسانەی خوارەوە بەکاردەهێنێت:**

ژمارەی کەسەکان بە لێکدانی ژمارەی خێزانەکان بە ژمارە شەش ژماردنیان بۆ کراوە، تێکڕای قەبارەی خێزانێکی عێراقی بە شەش کەس ئەژمار کراوە.

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM) هەموو ئەو عێراقیانەی کە ناچارکراون لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ بەو لاوە هەڵبهێن و تا ئێستاش لە نێو سنوورەکانی عێراق دا تا ساتی هەڵسەنگاندنەکەدا لە ئاوارەیی دا دەژین بە ئاوارەی ناوخۆیی ئەژمار دەکات.

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM)، هەموو ئەو ئاوارانەی لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤وە گەڕاونەتەوە شوێنی ڕەسەنیان بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئایا ئەم ئاوارانە گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوویان یاخود بۆ جۆرێکی تری پەناگە، بە گەڕاوە ئەژمار دەکات. پێناسەی گەڕاوەکان پەیوەندی نیە بە پێوانەی گەڕانەوە بە سەلامەتی و شکۆمەندیەوە، هەروەها پەیوەندیشی نیە بە ستراتیجی دیاریکراوی چارەسەری کاتی.

شوێن، وەک ناوچەیەک دەستنیشانکراوە کە هاوتای گوندێکە بۆ ناوچە گوندنشینەکان، یاخود گەڕەکێک بۆ ناوچە شارنشینەکان (واتە چوارەم بەشی کارگێڕی فەرمی).

شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی بریتیە لە هەمان شوێنی نیشتەجێبوونی بەر لە ئاوارەبوون.

شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت، مۆڵکی تایبەت، خانووی بەکرێگیراو، هۆتێل/ مۆتێلەکان و خێزانە لە خۆگرەکان دەگرێتەوە.

پەناگەی ناهەموار، نشینگە نافەرمیەکان، باڵەخانە ئاینیەکان، قوتابخانە و باڵەخانەی تەواونەکراو و بەجێهێڵدراو دەگرێتەوە. بۆ گەڕاوەکان، ئەو شوێنە نیشتەجێبوونە ئاساییانەش دەگرێتەوە کە بە سەختی زیانیان بەرکەوتووە یاخود ڕوخاون و بۆ ئاوارە ناوخۆییەکانیش شوێنی نیشتەجێبوونی بە کرێگیراو بۆ ماوەی درێژ کە بۆ نیشتەجێبوون شیاو نین (هەمان تایبەتمەندی باڵەخانەی تەواونەکراو و بە سەختی زیانبەرکەوتوویان هەیە) دەگرێتەوە.

## ئەستۆپاکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

زانیاریەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها بۆ مەبەستەکانی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان دا هاتووە بە واتای پەسندکردن یاخود قایل بوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن. زانیاریەکانی ناو پۆڕتاڵ و ئەم ڕاپۆرتە ئەو زانیاریانەن کە لە دەرەنجامی زانیاریی کۆکراوە لە لایەن تیمەکانی مەیدانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و زانیاریە تەواوکراوەکانی دابینکراو و بە گەڕخراو لە لایەن دامەزراوە حکومی و دامەزراوەکانی تر لە عێراق دا ئامادەکراون. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەوڵ دادەت کە ئەم زانیاریانە تا ئەو پەڕی توانای بە تازەیی و ورد و دروستی بپارێزێت، بەڵام هیچ بانگشەیەکیش ناکات یاخود نیشان نادات لە مەڕ تەواوکاری، ورد و دروستی و گونجاوی زانیاریەکانی فەراهەمکراو لە ناو ئەم ڕاپۆرتەدا. ئەو ئاڵنگاری و کێشانەی کە پێویستە لە بەرچاو بگیرێن لە کاتی بەکارهێنانی زانیاریی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان لە عێراق دا بریتین لە دۆخی ناجێگیری جووڵەی ئاوارەکان هاوشان لە گەڵ حاڵەتی تەنگانەی چەند بارە بوو و نەگەیشتن یاخود گەیشتنی سنوردار بە هەندێک لە پارچەکانی وڵات. لە هیچ حاڵەتێک دا ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بەرپرسیار نابێت لە بەرامبەر هەر زیانێک یاخود خەسارەتێک ئینجا ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ یاخود بە شێوەی لێکەوتەیی، پەیوەست بە بەکارهێنانی ئەم ڕاپۆرتە و زانیاریەکانی فەراهەم کراو لەم ڕاپۆرتەدا ڕوو بدەن.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق سوپاسی نووسینگەی دانیشتوان، پەنابەران و کۆچبەری (PRM) سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات بۆ پشتگیری بەردەوامیان. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق سوپاس و پێزانینیشی بۆ ئەندامانی تیمی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرای (RART) سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەیە بۆ کارەکانیان لە کۆکردنەوەی زانیاری و زۆر جار لە بار و دۆخە زۆر سەختەکاندا کۆڵیان نەدا و هەوڵ و کۆششە بێ ووچانەکەیان بوونە زەمینەی دروستکردنی ئەم ڕاپۆرتە.

IOM IRAQ